بۆ بڵاوکردنەوە

**ئەو هاوڵاتیە سوریانەی لە ترسی جەنگ وولاتەکەیان جێدەهێڵن، لەسەر سنووری وولاتانی عێراق و ئەردەن و تورکیا ڕێگری چوونە ناوەوەیان لێدەکرێت .**

*بەهۆی داخستنی سنوورەکان هەزاران ئاوارەی سوری لەو ناوچە سنووریانە گیریان خواردووە کە لەژێر هەڕەشەی هێرش و پێکدادانی سەربازیدان .*

**(هاتای، تورکیا، 1ی تەمووزی 2013)**—هیوومان ڕایتس وۆچ لە ڕاپۆرتەکەی ئەمڕۆیدا ووتی، پاسەوانانی سنووری وولاتەکانی عێراق و ئەردەن و تورکیا ڕێگری لە پەڕینەوەی دەیان هەزار هاوولاتی سوری بۆ ناو سنووری وولاتەکانیان دەکەن. داخستنی زۆرێک لە خاڵە سنووریەکان لەلایەن وولاتانی عێراق و ئەردەن و تورکیاوە یان ڕێگەدان بە ژمارەیەکی سنووردار لەو ئاوارانە بۆ چوونە ناو ئەو وولاتانە، ژیانی دەیان هەزار ئاوارەی سوری ئەو ناوچە سنووریانەی خستۆتە ژێر هەڕەشەی شەڕو پێکدادانی سەربازییەوە. لوبنان تەنها وولاتە کە سنوورەکانی والاکردووە بە ڕووی ئەو ئاوارە سوریانەی لە ترسی جەنگ وولاتەکەیان جێدەهێڵن .

لە 25ی حوزەیرانی ئەم ساڵدا، کامپی ئاوارەکانی "باب السلام" ی نزیک سنووری تورکیا بەر هێرشێکی ئاسمانی کەوت. لە مانگی ئابی ساڵی 2012 وە بە هەزاران هاوولاتی سوری لەناو کامپەکەدا گیریان خواردووە بەهۆی ڕێگەپێنەدانیان بۆ چوونە ناو وولاتی تورکیا. چالاکەوانێکی سوری کە لە 26ی حوزەیراندا سەردانی ئەو کامپەی کردبوو بە هیوومان ڕایتس وۆچی ووت، لە ئەنجامی هێرشەکەوە حەوت هاوولاتی ناو کامپەکە بریندار بوون. ئەو چالاکەوانە ووتیشی، بە مەبەستی چارەسەری پزیشکی حکومەتی تورکیا ڕێگەی بەو حەوت هاوولاتیە داوە بچنە ناو وولاتەکەیەوە ، بەڵام دەسەڵاتدران سور بوون لەسەر داخستنی خاڵێکی پەڕینەوەی سنووری نزیک ئەو ناوچەیە، سەرەڕایی ئەنجامدانی خۆپیشاندانی نارەزایی لەلایەن هاوولاتیانی ناو کامپەکەوە لە دژی ئەو بریارە .

جێری سیمپسن، توێژەر لە بواری پەنابەران لە هیوومان ڕایتس وۆچ، ووتی، "پێویستە لەسەر وولاتانی دراوسێی سوریا دەستهەڵگرن لە گێڕانەوەی بەزۆری هاوولاتیانی لێقەوماوی سوری بۆ ئەو ناوچانەی کە ژیانیان تێیدا دەکەوێتە مەترسیەوە." سیمپسن ووتیشی، "پێویستە لەسەر وولاتانی کۆمەک بەخش هەستن بە دابین کردنی پشتگیری دارایی بۆ وولاتانی دراوسێی سوریان و ئەو ڕێکخراوە مرۆییانەی کە هاریکاری نزیکەی 2 ملیۆن ئاوارەی سوری دەکەن ".

هیوومان ڕایتس وۆچ ڕاپۆرتی دۆکیومێنتاری لەسەر ڕەوشی ئاوارە سوریەکانی سەر سنوورەکان ئامادەکردووە:

- هەرچەندە دەسەڵاتدارانی ئەردەنی نکۆڵی لە داخستنی سنوورەکانیان بە ڕووی ئاوارە سوریەکاندا دەکەن، بەڵام ئەو ئاوارانەی کە بەم دواییانە گەیشتبوونە ئەو وولاتە ووتیان، لە مانگی ئایاردا،پاسەوانانی سەر سنووری ئەو وولاتە بۆ ماوەی چەندین ڕۆژو چەندین هەفتە ڕێگریان لێکردوون لە پەڕینەوە بۆ ناو سنووری ئەردەن.هەروەها لە کۆتایی ساڵی 2011 وە دەسەڵاتدارانی ئەردەنی ڕێگەیان نەداوە بە ئاوارە فەلەستینی و عێراقیەکان لەگەڵ ئەو گەنجانەی زوگرتن و تەمەنیان لە سنووری خزمەتی سەربازیدایە هەروەها ئەوانەی بێ ناسنامەن بۆ چوونە ناو وولاتەکەیان .

- دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دانیاننا بەوەی کە لە مانگی ئایاردا سنووری هەرێمەکەیان بە ڕووی ئاوارە سوریەکاندا داخستووە و لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیرانیشدا تەنها ڕێگەی هاتنە ناوەوەیان بەو ئاوارە سوریانە داوە کە پێویستیان بە هاریکاری مرۆیی خێرا بووە.

- دەسەڵاتدارانی حکومەتی ناوەندی لە بەغداد ووتیان، ئەوانیش تەنها ڕێگەی هاتنە ناوەوە بەو کەسانە دەدەن کەپێویستیان بە هاوکاری مرۆیی خێرا هەیە لەگەڵ ئەوانەی کە بەشێک لە خێزانەکانیان پێشتر هاتوونەتە ناو سنوورەکانی عێراق و دەیانەوێت شادبینەوە پێیان، بەڵام دەسەڵاتدارانی عێراقی لە مانگی ئابی ساڵی 2012وە ڕێگەیان بە ژمارەیەکی زۆر کەم لە ئاوارەی سوری داوە بۆ هاتنە ناو وولاتەکەیان. ئەمە جگە لەوەی لە کۆتایی مانگی مارسی ئەم ساڵەوە هیچ ئاوارەیەکی نوێ نەهاتووەتە ناو عێراقەوە.

- تورکیا ڕێگری چوونە ناوەوەی لە هەزاران ئاوارەی سوری ناو کامپەکانی "باب السلام" و "ئەتما"و خاڵە سنووریەکانی تری لەگەڵ سوریادا کردووە بۆ ناو ئەو وولاتە. ناو بەناو دەسەڵاتدارانی تورکیا ڕێگە بە ژمارەیەکی کەم لە ئاوارە سوریەکانی ناو کامپی "باب السلام" و کامپەکانی تری نزیک سنووری وولاتەکەی دەدەن بۆ چوونە ناو وولاتەکەیان، ئەمە لەکاتێکدایە کە بە هەزارانی تر لە ناو سوریادا بۆ ماوەی چەندین هەفتە و مانگە ڕێگری چوونە ناوەوەی تورکیایان لێکراوە. لە تشرینی یەکەمدا، بەرپرسێکی باڵای تورکی بە هیوومان ڕایتس وۆچی ووت، کامپی ئاوارە سوریەکانی ناو وولاتەکەی بە تەواوی پڕبوون، لەبری ڕێگەدان بە هاتنە ناوەوەی ژمارەیەکی زیاتر، حکومەتی وولاتەکەی هەوڵیداوە هاوکاری مرۆیی بگەیەنێتە ئەو سوریانەی لە ناوچەکانی نزیک سەر سنووری وولاتەکەی نیشتەجێن .

بەپێی ئامارێکی کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان تا ناوەڕاستی مانگی حوزەیرانی ئەم ساڵ ئەردەن پێشوازی لە 480 هەزار ئاوارەی سوری بۆ ناو وولاتەکەی کردووە، کە هەندێکیان پێشتر ناویان لە کۆمیسیۆنەکە تۆمار کراوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە تورکیا پێشوازی لە زیاتر لە 387 هەزار ئاوارە کردووە و عێراقیش زیاد لە 158 هەزار. کۆمسیۆنی باڵای پەنابەران ووتیشی کە کۆمسیۆنەکەیان ناوی زیاتر لە 550 هەزار ئاوارەی سوری لە ناو لوبنان تۆمارکردوە ئەم ڕێژەیەش دەکاتە 10% هەموو دانیشتوانی ئەو وولاتە. بەڵام حکومەتی لوبنان ژمارەی هاووڵاتیە سوریەکانی ناو وولاتەکەی بە زیاتر لە 1 ملیۆن مەزەندە دەکات.

پەیماننامەی پەنابەرانی نێودەوڵەتی ساڵی 1951ی نەتەوە یەکگرتووەکان لە یاسای پەنابەران و مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی پێویستی دەکات لە سەر هەموو وولاتان ڕێزبگرن لە پرەنسیپەکانی (نەن-ڕیفۆڵمێنت) کە ڕێگری لە هەر وولاتێک دەکات هەستێت بە ناچار کردن و بەزۆر گەڕاندنەوەی ئەو ئاوارانەی بەهۆی مەترسی لەسەر ژیان و ئازادیان و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەشکەنجەو مامەڵەی خراپ لە وولاتەکانیان هەڵهاتوون. جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ دەڵێ، پێشکەشکردنی داواو سوود وەرگرتن لە مافی پەنابەرێتی لە وولاتانی دی مافی هەموو کەسێکە کە لە ژێر هەڕەشەی چەوسانەوەدا بێت .

هیومان ڕایتس وۆچ ووتی، دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وولاتانی کۆمەک بەخش داوا لە وولاتانی دراوسێی سوریان بکەن کە سنوورەکانیان بە ڕووی ئاوارەکاندا بکەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە لەسەر وولاتانی کۆمەک بەخش هەستن بە دابین کردنی هاوکاری و پشتگیری بۆ وولاتانی عێراق و ئەردەن و تورکیا و لوبنان هەروەهاپێشکەشکردنی پشتیوانی دارایی بەو ڕێکخراوە مرۆییانەی کە کار لەسەر قەیرانی ئاوارە سوریەکان دەکەن .

سیمپسن ووتی، " بە داخستنی سنوورەکانیان، وولاتانی عێراق و ئەردەن و تورکیا سوریا دەکەنە زیندانێکی کراوە بۆ دەیان هەزار هاووڵاتی کە توانای دەربازبوونیان نیە لەو کوشتارەی وولاتەکەیانی گرتۆتەوە." سیمپسن ووتیشی، "نە کەڵەکەبوونی فشار بەهۆی بەرزبوونەوەی ژمارەی ئاوارە سوریەکان لەناو وولاتەکانیان و نە دابین کردنی یارمەتی مرۆیی بۆ هاووڵاتیان لە ناوخۆی سوریادا بیانوون بۆ پێشێلکردنی مافە بنچینەییەکانی خەڵک لە گەڕان وپێشکەش کردنی داوای مافی پەنابەرێتی بۆ ڕزرگاربوون لە چەوسانەوەو مامەڵەی خراپ".

بۆ ووردەکاری زیاتر لەسەر داخستنی سنوورەکان و چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو ئاوارە سوریانەی لەسەر سنوورەکانی ئەردەن ڕێگرییان لێکراوە، تکایەی تەماشای ئەمەی لای خوارەوە بکە.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بەزۆر گەڕاندنەوەی ئاوارە فەلەستینی و عێراقیەکان لەگەڵ گەنجانی زوگرت و خەڵکانی بێ ناسنامە بەشێوەیەکی نایاسایی لەلایەن ئەردەنەوە تەماشای هەواڵە بلاوکراوەکانی مانگی مارسی 2013ی هیومان ڕایتس وۆچ بکە

http://www.hrw.org/news/2013/03/21/jordan-obama-should-press-king-asylum-seeker-pushbacks

بۆ هەواڵە بڵاوکراوەکانی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی 2012ی هیومان ڕایتس ووچ کە تێیدا داوای لە یەکێتی ئەوروپا کردبوو لە زیادکردنی هەوڵەکانی بۆ پارێزگاریکردنی ئاوارە سورییەکان، تکایە سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە:
http://www.hrw.org/news/2012/12/23/eu-provide-protection-syrian-refugees

بۆ هەواڵە بڵاوکراوەکانی تشرینی یەکەمی ساڵی 2012ی هیومان ڕایتس ووچ کە تێیدا داوا لە عێراق و تورکیا کردبوو دەست هەڵبگرن لە بەزۆر گەڕاندنەوەی ئاوارە سورییەکان، تکایە سەردانی ئێرە بکە
http://www.hrw.org/news/2012/10/14/iraqturkey-open-borders-all-syrian-refugees-0

بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتی زیاتری هیومان ڕایتس ووچ لەسەر سوریا، تکایە سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە:
http://www.hrw.org/middle-eastn-africa/syria

بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە:
ئادەم کوگڵ لە عەممان، زمانی (ئینگلیزی و عەرەبی)، ژمارەی مۆبایل 069-214-797- 962 ئیمەیڵ
cooglea@hrw.org
ئێرن ئێڤەر لە نیۆرک، زمانی (ئینگلیزی و عەرەبی) ژمارەی تەلەفۆن 1-917-362-0103 ئیمەیڵ
everse@hrw.org
لەما فقێی لە بیروت، زمانی (عەرەبی و ئینگلیزی) ژمارەی تەلەفۆن (961-3-900-105) ئیمەیڵ
fakihl@hrw.org
نەدیم حوری لە هاتای، زمانی (عەرەبی و فەرەنسی و ئینگلیزی) ژمارەی مۆبایل (961-3-639-244) ئیمەیڵ
houryn@hrw.org
جێری سیمپسن لە جنێف، زمانی (ئینگلیزی و فەرەنسی و ئیسپانی و ئیتاڵی و ئەڵمانی) ژمارەی مۆبایل (79-219-9568-41) (33-6-83-74-56-07) ئیمەیڵ
simpsog@hrw.org
تەمارا ئەلڕیفایی لە نیۆرک، زمانی (ئینگلیزی و عەرەبی و فەرەنسی و ئیسپانی) ژمارەی تەلەفۆن 1-646-309-8896 ئیمەیڵ
alrifat@hrw.org

بەزۆر گەڕاندنەوە لەسەر سنوورەکانی عێراق

کۆمسیۆنی باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان تا 25ی حوزەیرانی ئەم ساڵ ناوی 159.140 ئاوارەی سوری لە ناو عێراقدا کە زۆربەیان کوردن تۆمار کردووە. لەم ژمارەیە نزیکەی 5.500 کەسیان لە کامپی" القائم" نیشتەجێن و نزیکەی 60 هەزاری تریان لە کامپی دومیزی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندان و 100 هەزاری تریشیان لە شاری دهۆک دەژین کە نزیکەی 60 کیلۆمەتر لە سنووری سوریاوە دوورە.

سەرەرایی هاتنە ناوەوەی ئەم ژمارەیە، دەسەڵاتدارانی عێراقی ڕێگریان لە پەڕینەوەی دەیان هەزار ئاوارەی سوری بۆ ناو سنووری وڵاتەکەیان کردووە .

**لە مانگی ئابی ساڵی 2012دا خاڵی پەڕینەوەی سنووری" القائم" داخرا:**

دەسەڵاتدارانی بەغداد لە ناوەڕاستی مانگی ئابی ساڵی 2012دا فەرمانیان بە بەرپرسانی ئیدارەی شارۆچکەی القائم و وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران کرد  بە داخستنی خاڵی سنووری القائم کە دەکەوێتە نزیک شارۆچکەی" القائم"ی سنووری پارێزگای ئەنبارو شارۆچکەی "ابو الکمال"ی  سوریا. بەرپرسانی ئیدارەی القائم بە هیومان ڕایتس وۆچیان ووت کە دوو دڵ بوون لە داخستنی خاڵە سنووریەکە، بەڵام ناچاربوون فەرمانەکەی بەغداد جێبەجێ بکەن .

لە کۆتایی مانگی ئابدا، سەلام خەفاجی، جێگری وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق، بە هیومان ڕایتس وۆچی ووت، بەهۆی فراوان کردنی کامپی "القائم"  کە توانای لە خۆگرتنی چەند هەزار ئاوارەیەکی کەمی هەبووە، دەسەڵاتداران هەستاون بە داخستنی خاڵە سنووریەکە بە ڕووی هەموو کەسێکدا. بەڵام، هەندێکی تر لە بەرپرسانی باڵای عێراقی ووتیان، داخستنی خاڵە سنووریەکە لەبەر هۆکاری ئەمنی بووە چونکە مەترسیان هەبووە لەوەی کە ئەندامانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە خاڵە سنووریەکە بەکار بهێنن بۆ هاتنە ناوەوەی عێراق .

دەسەڵاتدارانی عێراقی دووبارە لە 18ی ئەیلولدا خاڵە سنووریەکەیان کردەوە، بەڵام ڕێگەیان بە هیچ گەنجێکی زوگرت کە تەمەنی لە سنووری خزمەتی سەربازیدایە نەدا بێتە ناو وولاتەکەیان، سەرەڕایی ئەوەش بە بیانووی  هۆکاری ئەمنی  تەنها ڕێگەیان بە ژمارەیەکی سنووردار لە ئاوارە سوریەکاندا بپەڕنەوە ناو سنوورەکانی عێراق .

لە کۆتای مانگی ئەیلولدا، ئەو هاووڵاتیە سوریانەی لەسەر سنووری ووڵاتەکەیان گیریان خواردبوو بە هیومان ڕایتس وۆچیان ووت کە لە ناوەڕاستی مانگی ئابەوە ئەوان و هەزارانی تریش ڕێگەی چوونە ناو عێراقیان لێگیراوە. لە کۆتای مانگی تشرینی یەکەمدا، ڕێکخراوێکی مرۆیی عێراقی بە هیومان ڕایتس وۆچی ووت کە لەماوەی نێوان 24ی ئەیلول تا 10ی تشرینی یەکەم، دەسەڵاتدارانی عێراقی لە ڕۆژێکدا ڕێگەیان بە 125 کەس داوە لە سنوورەکەوە بپەڕنەوەو بێنە ناو خاکی عێراقەوە.  لە 25ی تشرینی یەکەمدا، هیومان ڕایتس وۆچ داوای لە حکومەتی عێراقی کرد کە دووبارە خاڵە سنووریەکە بکاتەوە .

لە 13ی حوزەیراندا، سەعد معان، ووتەبێژی وەزارەتی ناوخۆی عێراق، بە هیومان ڕایتس وۆچی ووت، هەموو خاڵە سنووریەکانی ناوەڕاستی عێراق لە ژێر کۆنترۆڵی وەزارەتی ناوخۆدایە. معان جەختیشی کردەوە لەسەر داخستنی خاڵی پەڕینەوەی سنووری "القائم" لە مانگی تشرینی یەکەمەوە بە ڕووی هەموو ئاوارەیەکدا. هەر لە 13ی حوزەیراندا، قائمقامی شارۆچکەی "القائم" بە هیومان ڕایتس وۆچی ووت کە "هۆکاری مرۆیی" لە پشت داخستنی خاڵە سنووریەکەوە بووە، بەڵام نەچووە ووردەکاری بابەتەکەوە.

لە 18ی حوزەیراندا، خەفاجی دانی بە داخستنی خاڵە سنووریەکەدا نا، بەڵام بە هیومان ڕایتس وۆچی ووت کە خاڵە سنووریەکە بە تەواوی دانەخراوە و لە مانگی تشرینی یەکەمەوە ژمارەیەکی سنووردار، بەڵام نەناسراو ئاوارەی سوری کە پێویستیان بە هاریکاری مرۆیی خێرا بووە ڕێگەیان پێدراوە بێنە ناو عێراقەوە .

کۆمسیۆنی باڵای پەنابەران و ڕێکخراوە مرۆییە ناوخۆییەکان ووتیان، لە نێوان  تشرینی یەکەم تا مانگی مارسی 2013، دەسەڵاتداران تەنها ڕێگەیان بە ژمارەیەکی زۆر کەم لە ئاوارەی سوری داوە لە خاڵی سنووری "القائم"ەوە بپەڕنەوە ناو عێراق، ئەمەش بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ ئەوانە بووە  کە هەوڵیانداوە شاد ببنەوە  بەو ئەندامانەی تری خێزانەکانیان کە پێشتر هاتوونەتە ناو عێراقەوە  .

لە 4ی حوزەیراندا، کۆمسیۆنی باڵای پەنابەران ووتی کە دەسەڵاتدارانی عێراقی لە کۆتایی مانگی مارسدا بە تەواوی خاڵی سنووری "القائم"یان داخستووە، ئەمەش کاریگەری خراپی  هەبووە لەسەر ڕەوشی ئەو ئاوارە سوریانەی کە لە ناو پارێزگای ئەنباردا بوون. بەهۆی بڕیارەکەوە  ژمارەیەک لەو ئاوارانەی کە ناویان تۆمار کراو بوو گەڕانەوە بۆ سوریا چونکە چیتر نەیاندەتوانی کار بۆ ئەندامانی تری خێزانەکانیان بکەن بۆ هاتنە ناو عێراق، لەگەڵ ئەوەشدا چیتر توانای کارکردنیان لە بازاڕەکانی "القائم"دا نەبوو  .

هیومان ڕایتس وۆچ ووتی پێویستە لەسەر حکومەتی عێراق دووبارە هەستێت بە کردنەوەی خاڵی پەڕینەوەی سنووری القائم و ڕێگە بدات بە کۆمسیۆنی باڵای پەنابەران ناوی ئەو ئاوارە سوریانە تۆمار بکات  کە دەگەنە عێراق .

**داخستنی خاڵی سنووری نارەسمی فیشخاپوور لە مانگی ئایاری 2013دا.**

کۆمسیۆنی باڵای پەنابەران ووتی، لە مانگی تشرینی یەکەمەوە زۆرێک لەو ئاوارە سوریانەی کە هەوڵی پەڕینەوەیان بۆ ناو سنوورەکانی عێراق داوە تەنها لەخاڵی سنووری نارەسمی فیشخاپووری ژێر ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕێگەی چوونە ناوەوەیان پێدراوە. خاڵە سنووریەکە نزیکەی 20 کیلۆمەتر لە شاری دهۆک و 60 کیلۆمەتر لە کامپی ئاوارەکانی "دومیز"ەوە دوورە .

بەپێی ووتەی کۆمسیۆنی باڵای پەنابەران، دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە 19ی ئایاردا بە تەواوی خاڵە سنووریەکەیان داخستووە. لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیراندا، ڕێکخراوی یونسێفی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ووتی کە داخستنی خاڵە سنووریەکە بە ڕووی هەموو ئاوارەیەکدا جگە لەوانەی کە هەوڵدەدەن شادببنەوە بە ئەندامانی تری خێزانەکانیان کەپێشتر هاتوونەتە ناو کوردستانی عێراقەوە، جێگەی خەمێکی گەورەیە  .

لە مانگی حوزەیراندا، هیومان ڕایتس وۆچ  قسەی لەگەڵ ژمارەیەک بەرپرسی ناوخۆیی و ستافی ئەو ڕێکخراوە مرۆییانەی هاوکاری ئاوارە سوریەکان دەکەن کرد، هەموویان جەختیان لە داخستنی خاڵە سنووریەکە کردەوە ، بەڵام هەریەکەیان هۆکاری جیاوازی لە پشت داخستنەکەوە باسکرد   .

بەرپرسێک لە ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ووتی، هەرچەندە ئەو ئاگادار نیە لە هیچ هۆکارێکی ڕەسمی لە پشت داخستنی خاڵە سنووریەکەوە، بەڵام ووتی کە حکومەتی هەرێم هەست دەکات مەرج نیە هەموو ئەوانەی هەڵدێن بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم ئاوارە بن چونکە ڕەوشی ناوچە کوردیەکانی سوریا زۆر خراپ نیە. ئەو بەرپرسە ووتیشی کە حکومەتی هەرێم نیگەرانە لە نەناردنی هیچ هاوکارییەک لەلایەن بەغداد و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئاوارەکانی کامپی دومیز کە لە ڕەوشێکی خراپدا ژیان گوزەر دەکەن.

ستافیکی کۆمسیۆنی باڵای پەنابەران ووتی کە بەرپرسان بە کۆمسیۆنەکەیان ڕاگەیاندووە لەبەر "هۆکاری تەکنیکی" خاڵە سنووریەکەیان تا کاتێکی نادیار داخستووە.

ستافی ڕێکخراوێکی مرۆیی ناوخۆیی بە هیومان ڕایتس وۆچی ووت، بەهۆی  قەرەباڵغی و خراپی بارودۆخی ناو کامپی دومیز حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی ڕێککەوتوون لەسەر داخستنی سنوورەکە بۆ ماوەیەکی کاتی. کۆمسیۆنی باڵای پەنابەران لە 2ی نیساندا ڕایگەیاند کە35 هەزار کەس لە ناو کامپەکەدا نیشتەجێن و قەرەباڵغیەکی زۆر کامپەکەی گرتۆتەوە. بەپێی ووتەی دانیشتوانی ناو کامپەکە و کارمەندانی ڕێکخراوە مرۆییە ناوخۆییەکان، ژمارەی دانیشتوانی ناو کامپەکە تا کۆتایی مانگی حوزەیران نزیکەی 60 هەزار کەس بووە.

کەسێک کە پەیوەندی لەگەڵ بەرپرسانی ئۆپۆزسیۆنی سوری هەیە ووتی، دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەکاتی داخستنی خاڵە سنووریەکەدا  سەرقاڵی تاوتوێکردنی پلانی نوێ بوون لەگەڵ بەرپرسانی سوری سەبارەت بە دابەش کردنی ئەو داهاتانەی لە خاڵە سنووریەکەوە دەست دەکەون .

بەڵام  سەرچاوەکانی تر ووتیان کە خودی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان  فەرمانی کردووە بە داخستنی خاڵە سنووریەکە، ئەوەش پاش ئەوەی پارتی یەکێتی دیموکراتی سوری هەستاوە بە دەستگیر کردنی 75 ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستانی سوری لە ناوەڕاستی مانگی ئایاردا.

لە 18ی حوزەیراندا، کارمەندی ڕێکخراوێکی مرۆیی ناوخۆیی بە هیومان ڕایتس وۆچی ووت، یەک ڕۆژ پێش ڕێگەدان بە پەڕینەوەی ئەو ئاوارانەی پێویستیان بە "هاریکاری مرۆیی خێرا" هەبووە، دەسەڵاتداران دووبارە خاڵە سنووریەکەیان

کردۆتەوە. ئەو کارمەندە ووتیشی کە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان ووتویەتی لە کۆتایی مانگی حوزەیراندا دووبارە خاڵە سنووریەکە دەکاتەوە .

کۆمسیۆنی باڵای پەنابەران لە کۆتایی مانگی حوزەیراندا بە هیومان ڕایتس وۆچی ووت کە دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە 29ی ئایاردا بەشێکی خاڵە سنووریەکەیان کردۆتەوە بۆ ڕێگەدان بەوانەی کە وویستوویانە عێراق جێبهێڵن و بگەڕێنەوە سوریا، هاوکات ڕێگەی هاتنەناوەوەشیان بە ژمارەیەکی کەم لەو سوریانەی پێویستیان بە چارەسەری پزیشکی و شادبوونەوە بە ئەندامانی تری خێزانەکانیان هەبووە لەگەڵ ئەوانەی هاووڵاتی ووڵاتی سێهەم بوون داوە بێنە هەرێمی کوردستان .

هیومان ڕایتس وۆچ ووتی، بڵاوکراوەکەی کۆمسیونی باڵای پەنابەران کە تێیدا هاتوو بوو دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆتایی مانگی حوزەیراندا هەستابوون بە دووبارە کردنەوەی خاڵە سنووریەکە تەنها بۆ ڕێگەدان بەو ئاوارانەی کە وویستبویان بگەڕێنەوە بۆ سوریا، ڕێکخراوەکەیانی نیگەران کردووە .

لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیراندا، کارمەندانی ڕێکخراوە مرۆییەکان بە هیومان ڕایتس وۆچیان ووت کە دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڵێنی کردنەوەی کامپێکی نوێیان لە نزیک شاری دهۆک داوە. ئەو کارمەندانە ووتیشیان لە کۆتایی مانگی حوزەیراندا حکومەتی هەرێم دووبارە خاڵە سنووریەکە دەکاتەوە .

بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادە نەبوون وەڵامی داواکانی هیومان ڕایتس وۆچ بۆ قسەکردن لە سەر داخستنی خاڵە سنووریەکە بدەنەوە .

هیومان ڕایتس وۆچ ووتی، هەروەها ڕاپۆرتی کارمەندانی ڕێکخراوە مرۆییەکانی ناوچەکە سەبارەت بە گیرخواردنی سەدان هاووڵاتی سوری لە خاڵی پەڕینەوەی سنووری فیشخاپوور لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیرانەوە بوونی هەڕەشەی تووندوتیژی و نەخۆشی و کەمی خۆراکی لەسەر ژیانیان، ڕێکخراوەکەیانی نیگەران کردووە .

پێویستە لەسەر حکومەتی عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە زووترین کات خاڵە سنووریەکانی القائم و فیشخاپوور بکەنەوە و ڕێگەبدەن بە کۆمسیۆنی باڵای پەنابەران ناوی ئەو سوریانە تۆمار بکات کە دەگەنە عێراق. هەروەها پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڵێنەکەی سەبارەت بە بنیاتنانی کامپێکی نوێ لە نزیک شاری دهۆک لە پێناو کەمکردنەوەی قەرەباڵغیەکەی کامپی دومیز جێبەجێ بکات .

**بەزۆر گەڕاندنەوە لەسەر سنوورەکانی ئەردەن**

لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتدارانی ئەردەنی ڕێگری لە چوونە ناوەوەی دەیان هەزار ئاوارەی عێراقی و فەلەستینی و گەنجی زوگرت و خەڵکانی بێ ناسنامەی هەڵهاتوو لە جەنگی سوریا دەکەن بۆ ناو ووڵاتەکەیان، کۆمسیۆنی باڵای پەنابەران هەتا مانگی حوزەیرانی ئەم ساڵ ناوی زیاتر لە 480 هەزار ئاوارەی سوری لە ناو ئەردەندا تۆمار کردووە .

بۆ یەکەم جار لە تەمووزی 2012دا هیومان ڕایتس وۆچ ڕاپۆرتی لەسەر بەزۆر گەڕاندنەوەی ئەو ئاوارە فەلەستینیانە کرد کە لە هەوڵی جێهێشتنی سوریادا بوون. هەروەها ڕێکخراوەکە لە مانگی ئایاری 2013دا ڕاپۆرتێکی تری کرد لەسەر ڕەتکردنەوەی مافی پەنابەرێنی ئاوارە فەلەستینی و عێراقیەکان لەگەڵ گەنجانی زوگرت و خەڵکانی بێ ناسنامە لە کۆتایی ساڵی 2011 وە لایەن حکومەتی ئەردەنەوە لەسەر سنووری ووڵاتەکەی لەگەڵ سوریادا.

بەپێی ووتەی کارمەندانی ئەو ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیانەی کە قسەیان بۆ هیومان ڕایتس وۆچ کرد، لە کۆتایی مانگی ئایاری 2013وە، دەسەڵاتدارانی ئەردەنی بەشێوەیەکی کاتی ڕێگریان لە پەڕینەوەی هەزاران هاووڵاتی سوری بۆ ناو ووڵاتەکەیان کردووە.

بەرپرسانی دادگای شاهانەی ئەردەنی لە 27ی ئایاردا بە هیومان ڕایتس وۆچیان ووت کە دەسەڵاتدارانی ئەردەنی نە سنووریان داخستووەو نە ژمارەی ئەو ئاوارانەی مۆڵەتی هاتنە ناوەوەیان هەبووە سنووردار کردووە. بەرپرسەکان ووتیشیان کە توووند بوونەوەی شەر لە ناوچە سنووریەکان و بە ئەنقەست کردنە ئامانجی ئاوارەکان لەلایەن سووپای سوریاوە ڕێگر بووە لە گەیشتنی ئاوارەکان بە سنوورەکان.

بەڵام هەندێک لەو ئاوارانەی کە بە ئاستەنگ لە نیوەی دووەمی مانگی ئایاردا گەیشتبوونە ئەردەن بە هیومان ڕایتس وۆچیان ووت کە جگە لە بیانووی شەڕ لە ناوچە سنووریەکان بەرپرسانی ئەردەنیش لەسەر سنوور بەرپرسیاربوون لە کەمبوونەوەی ژمارەی ئەو ئاوارە سوریانەی هەوڵی هاتنە ناوەوەیان بۆ ئەردەن دابوو. هەندێک لە ئاوارەکان ووتیان، بەرپرسان لەسەر سنوور پێیان وتوون کە بۆ ماوەیەکی کاتی سنوور داخراوە، لە کاتێکدا هەندێکی تر ووتیان، بەرپرسان پێیان وتوون ژمارەی ئەو ئاوارانەی ڕێگەی چوونە ناوەوەیان پێدەدرێت کەم دەکرێتەوە بۆ 150 کەس لە ڕۆژێکدا .

هیومان ڕایتس وۆچ ووتی هەر ڕێگریەک یان سنوردارکردنێک لە ژمارەی ئەو ئاوارانەی هەوڵی چوونە ناو ئەردەن دەدەن ژیانیان دەخاتە مەترسیەکی گەورەوە. لە مانگی مارسدا، شا عەبدوڵای پاشای ئەو وواڵاتە لە کاتی وەڵامدانەوەی پرسیارێکدا دانی بەو ڕاستیەدا نا کاتێک ووتی، ووڵاتەکەی سنوورەکانی بە ڕووی ئاوارە سوریەکاندا داناخات: " چۆن دەتوانین لەسەر سنوورەکان ژن و منداڵ بگەڕێنینەوە؟ ئەمە شتێکە هەرگیز ناتوانین بیکەین. ئەمە پیشەی ئەردەنیەکان نیە".

لە ناوەڕاستی مانگی ئایاردا، ژمارەی ئەو ئاوارە سوریانەی ڕوویان لە ئەردەن دەکرد بەشێوەیەکی بەرچاو ڕووی لە کەمبوونەوە کرد .

لە نێوان مانگی مارس و ئایاردا، کۆمسیۆنی باڵای پەنابەران لە کامپی زعتاری ناوی 1000 تا 2000 ئاوارەی لە ڕۆژێکدا تۆمار کردووە .

لە نێوان 11 تا 16 ئایار، ڕێکخراوی کۆچبەرانی نێودەوڵەتی کە ناوی ئەو ئاوارە سوریانە تۆماردەکات هەر لەگەڵ گەیشتنیان بۆ ئەردەن لە هەوڵی بەدەستهێنانی مافی پەنابەرێتیدان بەرلە گواستنەوەیان بۆ کامپی زعتاری کە لەوێ بەشێوەیەکی ڕەسمی لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای پەنابەران ناویان تۆمار دەکرێت، تێکڕا ناوی 1،553 کەسی لە ڕۆژێکدا تۆمارکردوە .

ڕێکخراوی کۆچبەرانی نێودەوڵەتی لە 17ی ئایاردا تەنها ناوی 369 کەسی تۆمار کردووەو لە 18ی ئایاردا ژمارەکە بەشێوەیەکی بەرچاو کەمبووەتەوە بۆ 107 کەس. هەروەها لە نێوان 19 تا 23ی ئایار تەنها ناوی 34 کەس لە ڕێکخراوەکە تۆمارکراوەو تێکڕایی ژمارەی ڕۆژانەش لە نێوان 24 تا 27ی ئایار 133 کەس بووە. دووبارە ژمارەکە لە کۆتایی مانگی ئایاردا ڕووی لە زیادبوون کردووە، بەڵام لە هەفتەکانی دواتردا ژمارەکە بەرزونزمی کردووە: 1،328 کەس لە 28ی ئایاردا ناویان تۆمارکراوە ، جیاوازییەکە زۆر بووە لەگەڵ ژمارەی ئەو ناوانەی لە 29ی ئایار تا 4ی حوزەیران تۆمارکراون کە بەرزترین 948 و کەمترین 48 کەس بووە و 5 تا 15ی حوزەیرانیش تێکڕا 430 کەس بووە لە ڕۆژێکدا .
هەرچەندە بەرپرسانی ئەردەنی نکۆڵی لە داخستنی سنوورەکانیان دەکەن و بوونی شەڕو پێکدادانی ناوەناوە لەو ناوچانە دەکەنە بیانوو بۆ بەرزو نزمی لە ژمارەی ئاوارەکاندا، بەڵام هەشت ئاوارەی سوری کە لە مانگی ئایاردا بە ئاستەنگ گەیشتبوونە ئەردەن بە هیومان ڕایتس وۆچیان ووت، بەرپرسانی ئەردەنی هەوڵی ڕێگریکردنیان لەوان و چەندانی هاووڵاتی تر دابوو کە وویستبوویان بچنە ناو ئەردەن. ئەو کەسانە ووتیشیان، بەرپرسەکان پێیان ووتوون کە سنوور بۆ ماوەیەکی کاتی بەڕووی هەموو ئاوارەیەکدا داخراوە و تەنها ڕێگە بە 50 تا 150 کەس دەدرێ لە ڕۆژێکدا بۆ چوونە ناو ووڵاتەکەیان .

ئەمنەی تەمەن 27 ساڵ کە خەڵکی شاری حومسی سوریایە و لە ناوەڕاستی مانگی ئایاردا لەگەڵ مێردەکەی و سێ منداڵی گەیشتبوونە خاڵی سنووری جابر بە هیومان ڕایتس وۆچی ووت کە بەرپرسانی ئەردەنی لەسەر سنوور مۆری چوونە ناوەوەی ئەردەنیان لە پاسپۆرتەکانیان دابوو، بەڵام دواترو بەرلە پەڕینەوەیان بۆ ئەردەن مۆرەکانیان کانسڵ کراوەتەوە.

پاش هەشت ڕۆژ چاوەڕوانی لەسەر سنوور ئینجا ڕێگەیان پێدراوە بچنە ناو ئەردەنەوە :

سەرەتا بەپاسپۆرتەکانمانەوە لە سنوورە ڕەسمیەکە پەڕینەوە...ئینجا گەیشتینە بەشە ئەردەنیەکەی سنوور تا لەوێ پاسپۆرتەکانمان مۆری چوونە ناوەوەی لێبدرێت. یەکەم جار، مۆری چوونە ناوەویان لە پاسپۆرتەکانماندا، بەڵام دواتر هەڵیانوەشاندەوە. بۆیە دەبوایە بگەڕاینایەتەوە بۆ سوریا. هاواریان بەسەرماندا دەکردو دەیان ووت، بڕۆنە دەرەوە لێرە، بگەڕێنەوە بۆ سوریا"!

لە خاڵی سنووری جابر لە دەروازەی سوریا بەجێیان هێشتین. لەسەر زەویەکە دانیشتین. بۆ ماوەی هەشت ڕۆژ لەوێ ماینەوە. خەڵکێکی زۆری لێبوو نزیکەی 50 تا 60 خێزان دەبوون. پاسەوانەکان نەیان ووت بۆ دەبێت لەوێ چاوەڕێ بکەین. ئەمنی ئەردەن پێیان وتین دەبێت کەسێک بدۆزینەوە وەک کەفیل یان کەسێک بناسین ئینجا ڕێگەمان پێدەدەن لە سنوورەکە بپەڕینەوە ...ڕێگەیان پێنەدەداین لە سنوورەکەیان نزیک ببینەوە. هاواریان بەسەرماندا دەکرد، بۆچی لەسەر ئەم جادەیە دانیشتوون؟ بۆچی ناگەڕێنەوە بۆ وولاتەکەتان؟ پێمان ووتن کە ماڵ و حاڵمان وێران بووەو ناتوانین بگەڕێینەوە .

هەندێکی تر لە ئاوارەکان وتیان کە بەرپرسانی ئەردەنی و شەرکەرانی سوپای سوریای ئازاد پێیان ووتوون کە حکومەتی ئەردەنی تەنها ڕێگە بەژمارەیەکی کەم دەدات بۆ چوونە ناو وولاتەکەیەوە .

محمدی تەمەن 20 ساڵ کە خەڵکی پارێزگای درعە لەگەڵ دایکە 59ساڵەکەی لە 27ی ئایاردا گەیشتبوونە ناو سنووری ئەردەن، ووتی کە بەرپرسانی سوپای سوریای ئازاد بەو هاووڵاتیە سوریانەی کە بەرەو سنووری ئەردەن لە نزیک خاڵی پەڕینەوەی سنووری الشهاب دەڕویشتن دەووت کە بەرپرسانی ئەردەنی پێیان ڕاگەیاندوون تەنها ڕێگەی چوونە ناوەوە بە 50 کەس دەدەن لە ڕۆژێکدا. محمد بە هیومان ڕایتس وۆچی ووت کاتێک لە سنوور نزیک بووینەوە پاسەوانانی سنووری ئەردەن ڕێگریان لێکردین لە چوونە ناوەوە بۆ وولاتەکەیان و پێیان ووتین کە "هەر جارەی تەنها ڕێگە بە 50 کەس دەدرێت بۆ پەڕینەوە ".

وەلیدی تەمەن 17 ساڵ کە یەکێک بوو لە ئاوارە سوریەکان ووتی، بۆ ماوەی هەشت ڕۆژ خێزانەکەی لە نزیک خاڵی سنووری الشهاب چاوەڕوانیان کردووە بەرلەوەی ڕێگەی چوونە ناوەوەیان پێبدرێت لە 29ی ئایاردا .

دەسەڵاتدارانی ئەردەنی لەسەر سنوور بەپێی میزاجیان هەر جارە ڕێگەی پەڕینەوە بە 50 کەس دەدەن. پاشان دەڵێن، " تەواو"....دوای پەڕینەوەی 50 کەسی یەکەم سنوورەکە دادەخەن و ئینجا دەڵێن ڕێگەی چوونە ناوەوە بە هیچ کەسی تر نادرێت .

فاتمەی تەمەن 31 ساڵ کە خەڵکی گوندێکی بچووکی باشووری شاری دیمەشقە و دایکی سێ منداڵە پاش سێ ڕۆژ لە چاوەڕوانی لە هەمان خاڵی سنووری ئینجا ڕێگەی چوونە ناوەوەی بۆ ئەردەن پێدرا بوو:

یەکەم ڕۆژ پێیان ووتین کە سنوورەکە داخراوە. پاش ئەوەی بەرهەڵستکارەکان بە تەلەفۆن پەیوەندیان بە ئەردەنیەکانەوە کرد پێیان ووتین کە بەرپرسانی ئەردەنی لەسەر سنوور ووتویانە بۆ ئەمڕۆ تەواو چونکە 60 کەس پەڕیونەتەوە. بۆیە دەبێت چاوەڕێ بکەن تا ڕۆژی داهاتوو." بەرهەڵستکارەکان ووتیان، دەتوانین تەنها ژمارەیەکی کەم ببەین چونکە ئەردەنیەکان پشکیان بە ئێمە داوە." هەندێک دەبوو ماوەی دوو تا سێ هەفتە چاوەڕوانی بکردایە بۆ پەڕینەوە. دەمان بینی کە بەرهەڵستکارەکان بە تەلەفۆن لەگەڵ ئەردەنیەکان قسەیان دەکرد....کاتێک گەشتینە سنوور بینیمانن ڕوو بەڕوو قسەیان دەکرد، بەڵام لەبەرەوەی ئێمە ژنەکان دوور بووین گوێمان لە قسەکانیان نەدەبوو. یەکەم ڕۆژ نەچووینە دەرەوە. ڕۆژی دووەم سوپای سوریای ئازاد ووتیان کە ناتوانین بڕۆین-هەوڵیان دەدا یەکەوتەو نەخۆشەکان ببەن.

**بەزۆر گەڕاندنەوە لەسەر سنوورەکانی تورکیا**

هیومان ڕایتس وۆچ لە تشرینی یەکەمی 2012دا ڕاپۆرتی کرد لەسەر ڕێگریکردن لە چوونە ناوەوەی هەزاران ئاوارەی سوری کامپەکانی " باب سلام" و "ئەتما" و خاڵە سنووریەکانی تر لەلایەن تورکیاوە لە مانگی ئابی ئەو ساڵەوە .

هەمان مانگ بەرپرسێکی باڵای وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بە هیومان ڕایتس وۆچی ووت کە زانیویەتی ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارەی سوری لە نزیک سنوورەکانی تورکیا هەن، بەڵام زانیاری نیە لەسەر ئەوەی کە گوایە دەسەڵاتدارانی تورکی ڕێگریان لێکردبن لە پەڕینەوە بۆ ناو تورکیا. ئەو بەرپرسە ووتیشی کە وولاتەکەی هاریکاری چەند گرووپێکی تورکی کردووە لە ڕەوانەکردنی یارمەتی بۆ ئەو سوریانەی لەو دیو سنوورەکانی تورکیاوە لە ناو وولاتەکەیاندا پێویستیان بە هاوکاری مرۆییە، بەڵام بەلای حکومەتی تورکیاوە ئەم خەڵکانە ژیانیان لە مەترسیدانیە .

هەندێک لەو کەسانەی هاوکاری مرۆیی بۆ ئاوارە سوریەکان دابین دەکەن و لەگەڵ چالاکەوانە سوریەکان کاردەکەن لە حوزەیرانی 2013دا بە هیومان ڕایتس وۆچیان ووت، لە هەندێک لە خاڵە سنووریە ڕەسمیەکاندا پاسەوانانی تورکی ڕێگری چوونە ناوەوەیان لە هەزاران هاووڵاتی سوری بۆ ناو وولاتەکەیان کردووە ، تەنها مۆڵەتی چوونە ناوەوەیان بەو کەسانەداوە کە پێویستیان بە چارەسەری پزیشکی خێرا هەبووە .

چالاکەوانێکی سوری ووتی، دەسەڵاتدارانی تورکی لە دوو هەفتەی ڕابردوودا داواکاری چوونە ناوەوەی 150 تا 200 خێزانیان لە خاڵی پەڕینەوەی سنووری "ئەتما" ڕەتکردۆتەوە لەبەرەوەی کامپێکی نزیک ئەو خاڵە سنووریە بە تەواوی پڕبووە. چالاکەوانەکە ووتیشی، ئەو خێزانانە ناچار بوون تێکەڵی ئەو هەزارەها خێزانەی تر ببن کە نیشتەجێی ئەو کامپانەن لە ناوخۆی سوریادا بەشێوەیەکی کاتی بۆ خەڵکانی بێ ماڵ و حاڵ کراونەتەوە.

هەر ئەو چالاکەوانە بە هیومان ڕایتس وۆچی ووت ، لە 25ی حوزەیراندا کامپی باب السلام بەر هێرشێکی ئاسمانی سووپای سوریا کەوت و لە ئەنجامدا حەوت کەسی ناو کامپەکە بریندار بوون و ترس و دڵە ڕوکێیەکی زۆریش کەوتە نێو دانیشتوانەکەیەوە. چالاکەوانەکە ووتیشی، بە مەبەستی چارەسەری پزیشکی، حەوت بریندارەکە مۆڵەتی چوونە ناوەوەیان بۆ تورکیاپێدرا، بەڵام خاڵی پەڕینەوەی سنووری نزیک کامپەکە بە داخراوی مایەوە. لە پاش هێرشەکە دانیشتوانی ناو کامپەکە خۆپیشاندانێکی نارەزاییان لە دژی ڕێگریەکانی دەسەڵاتدارانی تورکیا لە پەڕینەوەیان بۆ ناو وولاتەکەیان سازدا .

چالاکەوانێکی تری خەڵکی سوریا ئەوەی پشت ڕاستکردەوە کە تا ناوەڕاستی مانگی حوزەیران خاڵی پەڕینەوەی سنووری باب السلام چیتر بۆ ئاوارە سوریەکان کراوە نەبووە ، ئەوەش ژیانی چەندەها خێزانی ناو کامپەکەی خستۆتە ژێر هەڕەشەی هێرشەوە. چالاکەوانەکە ووتی، هەندێک لەو ئاوارانە بەنهێنی پەڕیونەتەوە بۆ ناو تورکیاو لە ناو پارکێکی گشتی شاری کیلیس کە دەکەوێتە نزیک خاڵی سنووریەکە لە ژێر خێمەدا گوزەران دەکەن .

هیومان ڕایتس وۆچ ووتی، نە نەبوونی جێگا لە ناو کامپەکانداو نە ناردنی هاوکاری مرۆیی لە ڕێگەی سنوورەکانەوە بۆ ناو سوریا بیانوون بۆ ڕێگرتن یان دواخستن لە چوونە ناوەوەی ئەو سوریانەی لە جەنگی وولاتەکەیان هەڵدێن بۆ ناو تورکیا. لەبری ئەوە دەبێت تورکیا بەخێرایی هاریکاری ئاوارە سوریەکانی ناو وولاتەکەی بکات و پاش پرۆسەی لێکۆڵینەوەو پێدانی مۆڵەت پێیان دەبێت ئازادیان بکات لە گەڕان و لە کامپی کراوەدا نیشتەجێیان بکات .

**هەڕەشەی ئەمنی لەسەر ئەو ئاوارانەی لە ناوچە سنووریەکانی ناو سوریادان**

هیومان ڕایتس وۆچ ووتی، هێرشە ئاسمانی و مووشەکیەکانی هێزەکانی سوپای سەر بە بەشار ئەسەد بۆ سەر ناوچە سنووریەکان کەمتر بووەتەوە بە بەراوورد بە ناوچەکانی دیکەی سوریا، بەڵام هەزاران هاوڵاتی سوری کە هەوڵی جێهێشتنی وولاتەکەیانداوە و ڕێگریان لێکراوە لە چوونە ناو وولاتانی دراوسێی وەک عێراق و ئەردەن و تورکیا لەو ناوچانەدا نیشتەجێبوون کە پێشتر بەر هێرشی ئاسمانی مووشەکی کەوتوون.

کارمەندی یەکێک لە ڕێکخراوە مرۆییەکانی ناو کوردستانی عێراق بە هیومان ڕایتس وۆچی ووت، زیادبوونی هێرشە مووشەکیەکان لە نزیک شارۆچکەی" الربیع" ی باکوری ڕۆژ هەڵاتی سوریا لە ماوەی مانگی حوزەیراندا ناوچەکەی خستۆتە

مەترسیەوە. ئەو کارمەندە ووتیشی، هێرشەکان وایکرد کە حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێکەون لەسەر داخستنی خاڵی سنووری فیشخاپوور.

ئەو هاوولاتیە سوریانەی بەم دواییانە هەوڵی پەڕینەوەیان بۆ ناو وولاتی ئەردەن دابوو ڕووبەڕووی مەترسی بوو بوونەوە بەهۆی شەڕوپێکدادانەکانی نێوان هێزەکانی حکومەتی سوریاو هێزەکانی سوپای سوریای ئازاد لەو ناوچە سنووریانە. بەرپرسانی ئەردەنی بە هیومان ڕایتس وۆچیان ووت کە لە مانگی ئایار و حوزەیرانی ئەم ساڵدا سەربازانی سوری ڕاستەوخۆ تەقەیان لە ئاوارەکان کردووە بە مەبەستی ڕێگریکردن لێیان لە گەیشتنە سنوورەکان. هیومان ڕایتس وۆچ پێشتر راپۆرتی کردبوو لەسەر کردنە ئامانجی هاوولاتیانی سوری لەلایەن سەربازانی سوپای سوریاوە لەکاتی پەڕینەوەیان لەسەر سنوورەکانی وولاتی ئەردەن.

ڕاپۆرتی میدیاکان و ئەو ئاوارانەی کە قسەیان بۆ هیومان ڕایتس وۆچ کرد لە مانگی حوزەیراندا جەختیان لە بوونی شەڕو پێکدادانی توند لە ناوچە سنووریەکان لە کۆتای مانگی ئایاری ئەم ساڵدا کردەوە کە ئەوەش مەترسی ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی ئەو ئاوارانە دروستکردوە کە لەو ناوچە سنووریانە گیریان خواردووە.

ئەمە جگە لەوەی کە کامپە گەورەکانی وەک "باب السلام" و "ئەتما"ی نزیک ناوچە سنووریەکانی تورکیا لە ناو سوریادا بەر هێرشی ئاسمانی هێزە هەواییەکانی سوریا کەوتوون بەو هێرشانەوەش کە بەم دوایانە لە 25ی حوزەیراندا کرایە سەر کامپی باب السلام و لە 26ی تشرینی دووەم کرایە سەر کامپی ئەتما.